https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.8

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتیی منداڵ

## توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییە لە شاری سۆران

دلشاد صبری علی
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب
dilshad.ali@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئامـانجی سـەرەکی ئـەم تـوێژینەوەیە شـیکردنەوەیەکی چۆنـایەتییە لەسـەر هەڵوەشـانەوەی خێـزان و کاریگـەری لەسـەر کەسـایەتیی منـداڵ. شاری سۆران کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، بۆ کۆکردنـەوەی زانیاری یەکـەمی ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچـە ڕێکخـراو بـەکارهاتووە. نموونـەی توێژینـەوە لەم توێژینەوەیەدا لە جۆری نموونە وەرگرتنی مەبەستدارە، کە لە ٦ کـەس پێکهاتوون، ٣ کچ و ٣ کوڕ کە هـەموویان لـەو خێزانانـەدا پـەروەردەبوون، کە بەرلەوەی خێزانیـان لێکهەڵوەشـێتەوە کێشـە لەنێوان دایـک و باوکیانـدا هـەبووە و لـە دوای لێکجیابوونـەوەی باوانیشـیان، کاریگـەریی نـەرێنییان لەسـەر بـەجێماوە. لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەنجامی بەدەسـتهاتوو، ئـەوە ڕووندەکاتـەوە، کـە هەڵوەشـانەوەی خێـزان لەلایـەن دایکـان و باوکانـەوە کاریگەریی نەرێنی نەک تەنیا لەسەر خۆیان بەجێدەهێڵێت، بەڵکو لـە دوای ئەم پرۆسەیە ئەم کاریگەرییە نەرێنییە لەلایەنی پەروەدەیی و کەسایەتییان لە ناو کۆمەڵگەدا لەسەر منداڵەکانیشیان بەجێدەمێنێت.

**وشـە کلیلییەکـان:** هەڵوەشـانەوەی خێـزان، دایـک و بـاوک، منـداڵ، کەسایەتی.

## هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ

تویژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییە لە شاری سۆران

### بەشی یەکەم

### پێشەکی

خێزان ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی گرنگە، تەنانەت بە یەکەمین قوتابخانەی منداڵ دادەنرێت، کە دایک و باوک رۆڵێکی سەرەکی دەگێرن لە پێگەیاندنیدا. لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا کەشی خێزان بۆتە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن و تویژینەوە بە تایبەتی هەڵوەشانەوەی خێزان لەلایەن تویژەرانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، ئەمەش بەهۆی نەگونجان و گرفت لەنێوان هاوسەران رێژەی هەڵوەشانەوەی خێزان رووی لە زیادبوون کردووە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵانیشیان بەجێبهێڵێت. (موحسنی، ٢٠١٢: ٣٧٩-٣٨٠) هەروەک خەلیل (٢٠٠٧) پێیوایە خێزان بە یەکێک لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە تاک تێیدا لەدایک دەبێت، گەشەدەکات و لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێدەگات، کە بەهۆی خێزانەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان فێردەبێت. بۆیە دەکرێت خێزان بە یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ هەر لەو کاتەی کە لە دایک دەبێت دابنرێت.

سەرەڕای ئەوەی خێزان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر و بەهێز لە کۆمەڵگەدا دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری لێکترازان و هەڵوەشانەوە دەبێت بەتایبەتی بە هۆی سەرنەکەوتنی پەیوەندیی هاوسەران لەگەڵ یەکتردا. ئەمەش لە ئەنجامی لێکتێنەگەیشتن و نابەرپرسیارییەتی لە ئەرک و کارەکانی ناو خێزان لەلایەن هاوسەران، کە دەبێتە هۆی لاواز بوون و شێبوونەوەی پەیوەندییەکانیان و

هەڵوەشـانەوەی ژیـانی خێزانیـان کـە لـە ئەنجامـدا دەکرێـت کۆمـەڵێک کاریگـەریی نـەرێنی لەسـەر خێـزان بـە گشـتی و بـە تایبـەتی کەسـایەتیی ئەندامانی بەجێبهێڵێت وەکو بڕوانەبوون بە خـوود و کەسایەتییەکی لاواز لە ناو کۆمەڵگەدا.

## کێشەی توێژینەوە

لە دوای سـاڵی ١٩٩١ و دامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، کۆمــەڵگەی کــوردی گۆڕانکــاریی بەخۆیــەوە بینیــوە، بەتایبــەتی دوای ئـازادکردنی عێـراق لەلایەن ئـەمریکا و هاوپەیمانـەکانی. ئـەم گۆڕانکاریانـە سـەرتاپای بـوار و دامـەزراوە جیاجیاکـانی گرتۆتـەوە، بـەڵام ئـەوەی جێـی ســـەرنجە، گـوڕانکارییـــەکان لـــە شـــێوەی زۆر ڕووکەشـــی دان، قـــوڵ نەبـوونەتەوە. بـە واتایـەکی دیکە دروسـتبوونی دامـەزراوەی پـەروەردەیی فـەرمی وەکو باخچـەی سـاوایان، قوتابخانـە و هتد لـە کۆمـەڵگەی کـوردی تـاکو ئێسـتا وەک پێویسـت نـەیتوانیوە ڕۆڵـی دامـەزراوەیی نافـەرمی بـۆ نموونـە خێـزان بگێڕێت. هـەروەک ئاشـکرایە تـاکو ئێسـتاش لـە کۆمـەڵگەی کوردیـدا خێـزان وەکـو کۆمەڵگەیـەکی بچکۆلانـەیە، کـە هـەموو ڕۆڵـەکانی دامودەزگا فەرمییەکانی کۆمەڵگە وەکو باخچەی ساوایان، قوتابخانە و هتد لە ناویدا بـەدی دەکرێت، کـە تیایـدا تـاک پێدەگـەیەنێت و ئامادەیدەکات بـۆ ژیـانی کۆمەڵایـەتی لـە نـاو کۆمـەڵگەدا. ڕەنگـە ئەمـە تێڕوانینێکـی قۆنـاغی کشتوکاڵی بێت بۆ خێزان، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئێستاشـی لەگەڵدابێت خێزان بەرپرسی یەکەمی پەروەردەکردن و پرۆسەی بەکۆمەڵایـەتیکردنی تاکـە لـە هـەرێمی کوردسـتان. خـەلیل (٢٠٠٧) وا دەبینـت منـداڵ هـەر لـە سـەرەتای لەدایکبوونیـەوە بـە پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتیبوونـدا تێـدەپەڕێت، کـە خێـزان ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەندامانی هەیە. واتە منداڵ بـەهۆی ئـەو پـەروەردە خێزانییـەی کـە فێردەکرێـت، دەبێتـە بناغەیـەک بـۆ ئـەوەی شـێوازی کەسـایەتیی دیاریبکرێـت و لـە نـاو کۆمـەڵگەدا لەلایەنـی جەستەیی، بیرکردنەوە و سۆزداری گەشەی پێبدات، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی

پێگەیاندنی توانا کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی لەلایەنی دابونەریت. بە هەمان شێوەی خەلیل، موحسنی پێیوایە سەرەتای بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ لە ڕێگەی خێزانەوە شارەزای کلتوور، بەها، پێوەر و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەکەی دەبێت، کە لەم ڕێگایەشەوە تاکەکان دەتوانن ببنە خاوەنی کەسایەتی یاخود ناسنامەی کەسیی تایبەت بە خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک جار خێزان دووچاری لێکهەڵوەشانەوە دەبێت بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی ژیانی منداڵ، ئەوا ئەو منداڵە لەوانەیە کەسایەتییەکی نائارام و شەڕانگێزی بۆ دروست ببێت. (٢٠٠٢: ١٣١-١٣٤) هەروەک ڕەوانگەرد (٢٠١٧) پێوایە زۆر لە ئەنجامدەرانی تاوان و توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا بەهۆی ئەو تاکانەوە دەبن، کە کەسایەتییەکی ناسەقامگیریان هەیە، کە لە سەرەتای ژیانی منداڵییان دایک و باوکیان یەکتریان قەبووڵ نەکردووە و لەگەڵ یەکتری نەگونجاون. هەروەها ئەو پێیوایە هەندێکجار ئەو منداڵەی لەلایەن هەردوو باوانییەوە سەرپەرشتی پەروەردەیی ناکرێت، بەڵکو لەلایەن یەکێکیان کە ئەرکی بەخێوکردنی دەکەوێتە ئەستۆ، لەوانەیە کاریگەریی نەرێنی قووڵ لەسەر منداڵەکە دروستبکات. بەڵام لە لایەکی تر موحەممەدی (٢٠١١) ڕایوایە لێکجیابوونەوەی هاوسەران دەکرێت وەکو ڕێگەچارەیەکی ئەرێنی و ژیرانە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکی دژوار ببیندرێت، بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە زیان و گرفتە گەورەکانی، کە لە ئەنجامی ناکوکی نێوان هاوسەران دێتەکایەوە.

## پرسیارەکانی توێژینەوە

هەڵوەشانەوەی خێزان چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەی منداڵ؟

ئەو کاریگەرییانەی کە بە هۆی لێکجابوونەوەی دایک و باوک لەسەر کەسایەتی منداڵ بەجێدەمێنن چین؟

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە شیکردنەوە بۆ ئەوە بکات کە لە دوای لێکجیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری کاریگەری لەسەر کەسایەتیی منداڵ لەناو کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانەیدا هەیە. هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا زانینی لێکهەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ.

**گرنگیی توێژینەوە**

هەموو توێژینەوەیەک دەکرێت لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی بایەخ و گرنگی خۆی هەبێت. ئەم توێژینەوەیەش لەسەر هەڵوەشانەوەی خێزانە لەلایەن دایک و باوکەوە، کە دەیەوێت بزانێت ئەو کاریگەرییانەی لەسەر پەروەردەی منداڵ دروستدەبێت لە دوای ئەم پرۆسەیە چین؟ هەروەها گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوە ئەوەیە: لە دوای لیکجیابوونەوەی دایک و باوک منداڵ دەبێتە خاوەنی چ جۆرە کەسایەتییەک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا؟

**بەشی دووەم**

**پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوو**

## خستنەڕووی چەمکەکان

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکردنەوەی چۆنایەتی ئامانجی ئەوەیە کە کاریگەریی لێکهەڵوەشاندنەوەی خێزان لەسەر کەسایەتیی منداڵ شرۆڤەبکات. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پێناسەی هەندێک چەمک بخرێتەڕوو وەکو چەمکی خێزان، هەڵوەشانەوەی خێزان و کەسایەتی. بۆ ئەوەی پێناسەی ئەم چەمکانە یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی بەکارهێنانیان لەم توێژینەوەیەدا.

یەکەم چەمک کە پێناسە دەکرێت بریتییە لە چەمکی خێزان. خێزان بریتیە لـە بچـوکترین یەکـەی کۆمەڵایـەتی کـە شـوێنی دروسـتبوونی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتی و کارلێککردنی تاکەکانی خێزانە، کە هەر لەناو خێزاندا مرۆڤ لەدایکـدەبێت، گـەورە دەبێـت و پێـدەگات و دەبێتـە ئەندامـەکی پشـت بـە خۆبەستوو کە فێری ڕۆڵ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبێت وەکو کەسایەتی و پێگـەی کۆمەڵایـەتی چ لـە نـاوەوەی خێـزان یـاخود لـە دەرەوەی خێـزان، ئەمـەش بـەهۆی خێزانـەوە فێردەکرێت. (موحسـنی، ٢٠٠٢) دووەم چـەمک لـەم توێژینەوەیـەدا پێناسـە دەکرێـت بریتیـە لـە منـداڵ. منـداڵ بـەو کەسـە دەگوترێت کە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵیدایە، ئەو تەمەنەی کە تاک وەکو منداڵ دەناسێنێت، دەکرێت بەپێی یاسا لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بگۆڕێـت. کۆتـا چـــەمک، پێناســـە بریتییـــە لـــە هەڵوەشـــانەوەی خێـــزان. هەڵوەشـانەوەی خێـزان یـاخود نـەمانی گرێبەسـتی هاوسـەرگیری کاتێـک ڕوودەدات کە لایەنێک لەلایەنەکانی گرێبەستەکە، چ پیاو بێت یان ئافرەت بـە تـاک لایەنـە بڕیـار بـدات، یـاخود بـە ڕەزامەنـدی هـەردوولا لەسـەری ڕێکدەکـەون بـۆ ئـەوەی کۆتـایی بـە پەیوەنـدیی هاوسـەرگیرییان بهێـنن (خەلیل، ٢٠٠٧).

## هەڵوەشـــانەوەی خێـــزان و کاریگـــەری لەســـەر نـــاجێگیریی پەروەردەی منداڵ

هەڵوەشـانەوەی خێـزان یـاخود لێکجیابوونـەوەی دایـک و بـاوک ناکرێت ببەسترێتەوە بە سـەردەمێکی دیـاریکراو، بـەڵکو بـە درێژایـی مێـژووی کۆمــەڵگەی مرۆڤایــەتی ئــەم پرۆســەیە بــوونی هــەبووە. هـەروەک خـەلیل بـەم شـێوازە پێناسـەی لێکجیابونـەوەی هاوسـەرانی کردووە: هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسـەرگیری کاتێک ڕوودەدات کە لایەنێک لەلایەنەکانی گرێبەستەکە، چ پیاو بێت یان ئافرەت بە تاک لایەنـە بڕیـار دەدات، یـاخود بـە ڕەزامەنـدی هـەردوولا لەسـەری

ڕێکدەکەون بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندی هاوسەرگیرییان بهێنن (٢٠٠٧: ٢١٣). لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەم بڕیاردانە کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنی لەسەر خێزان بەگشتی و بەتایبەتی لەسەر پەروەدەی منداڵ بە دوای خۆیدا بەجێبهێڵێت. بە واتایەکی دیکە زیانمەندی یەکەمی لێکجابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری منداڵە، چونکە ڕەنگە هەڵوەشانەوەی خێزان ببێتە هۆی ئەوەی منداڵ بکەوێتە گێژاوێکی پەروەردەیی و دەروونی کە پڕ بێت لە نەهامەتی، وەکو لایەنی جەستەیی و پێگەیاندنی توانا کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەو منداڵەی لەناو سۆزی دایک و باوک پەروەردە بووە. لە دوای هەڵوەشانەوەی خێزان ئەوە ژیانی منداڵەکانیش دەگۆڕێت و دەگاتە بارودۆخێکی خراپ، چونکە دووچاری سستیی چالاکی ژیانی ڕۆژانە دەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوسەنگی لە پەروەردەکردنی منداڵدا لەلایەن دایک و باوکەوە.

منداڵ لە ڕووی هەستکردن و بیر و هۆشەوە هەر لە تەمەنی سەرەتاییەوە توانای کردارەکانی وەک ناسینەوەی ڕەنگ و ڕوخساری دایک و باوکی هەیە، بۆیە هەست بە سۆز و خۆشەویستییان دەکات. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە خوار پێنج ساڵییەوەیە، کاریگەربوونیان بە شوێنەوارەکانی لێکجیابوونەوە لە ڕووی پەروەردەیی، چاودێری، و کۆمەڵایەتییەوە کەمترە، بە بەراورد بەو منداڵانەی کە لە تەمەنی دە ساڵی یان زیاترن، چونکە زیاتر لە ژیانی دەوروبەریان تێدەگەن. ئەمەش لەوانەیە ببێتە پاڵنەرێک هەندێک جار منداڵ پەنا بباتە بەر هەندێک کرداری ناپەسەند، وەکو بەکارهێنای ماددە هۆشبەرەکان بۆ دوورکەوتنەوەی خۆی لەو گیروگرفتانەی کە تووشی خێزانەکەی بووە. ئەو منداڵەی کە دایک و باوکی لێکجیادەبنەوە بێگومان لە سۆز

و خۆشەویسـتییان بێـبەش دەبـێ و لە ڕووی پـەروەردە و دەروونییەوە هەست بە نائارامی و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری لە هەڵسوکەوت دەکات و کاریگەریی تەواو لەسەر داهاتوو و ژیانی بەجێدەمێنێت، کە دەکرێت ئەم کاریگەرییە لەنێوان منداڵی کچ و کوڕ جیاواز بێت، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە دابونەریتی کۆمەڵگەدا هەیە و منداڵان بەپێی ئەم دابونەریتە پەروەردە بکرێن. (خلیل، ٢٠٠٧: ٢٣٥)

ڕەنگە ئەو شوێنەی کە منداڵ تیایدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکات باوەشی دایک و باوکی بێت، کە لەوانەیە ئەم شوێنە ئارامە بە هۆی لێکجیابونەوەی هاوسەران لە یەکتری نەمێنیت و منداڵ توشی ناجێگیریی کەسایەتی و دروونی ببێت بەهۆی لەدەستدانی ئەو خۆشەویستییەی کە دایک و باوک بەیەکەوە بە منداڵی دەدەن. هەروەک تێڕوانینی پێکهاتەی کردارگەرایی کە پێیانوایە کۆمەڵگە بریتییە لە سیستەمێکی ئاڵۆز لە کۆمەڵێک یەکە پێکدێت و پێکەوە کار دەکەن بۆ بەردەوامیدان بە سەقامگیری و پێکەوەیی کۆمەڵگە. واتا ئەگەر گرفت لە یەکێک لەم یەکە کۆمەڵایەتییانە ڕوەبدات ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی گرفت لە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ڕووبدات. لەسەر ئەم بنەمایە لایەنگرانی پێکهاتەی کردارگەرایی پێیان وایە کە بۆ سەقامگیریی ژیانی تاک و کۆمەڵگە خێزان یەکێکە لەو یەکە کۆمەڵایەتییانەی، کە بە ناوەندێکی سەرەکی لەناو کۆمەڵگەدا دادەنریت. (Abbott et al., 2005: 146) لەسەر بنەمای تێڕوانینی پێکهاتەی کردارگەرایی، خێزان بە یەکێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێت بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی سەقامگیر لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە هۆی پەروەردەکردنیان بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێت ئەمە بگوترێت کە ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان لێکجیادەبنەوە لەوانەیە پەروەدەیەکی بەهێز و سەقامگیریان نەبێت لە ژیانیاندا و بە تەنیایی و ڕەشبینی لە داهاتووی ژیانیان بڕوانن.

هەروەک پێکهاتەی کردارگەرایی، ئەندامانی خێزان وەکو کۆمەڵگەیەکی بچوک دەبینێت کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی، واتا ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی خێزان وەکو دایک و باوک گرفتیان لەگەڵ یەکتر هەبێت، ئەوا ئەم گرفتە ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر تەواوی ئەندامانی خێزان.

## هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەریی لەسەر ناجێگیریی کەسایەتیی منداڵ

زانایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی کۆمەڵناسان و دەروونناسان پێیانوایە بۆ ئەوەی تاک ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و سەقامگیر، هەروەها بتوانێت بە شێوەیەکی بەهێز و بڕوابەخۆبوون بەژدار بێت لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەوا پەروەردەیەکی تەندروست لە سەرەتای ژیانی تاک گرنگە. هەروەک پارسونز کە بە یەکێک لە کەسە گرنگەکانی تیۆروانینی پێکهاتەی کردارگەرایی دادەنرێت پێیوایە: خێزان بە ناوەندێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر هەبێت. ئەو پێیوایە خێزان بە یەکەمین دامودەزگا یاخود یەکەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە دادەنرێت بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی تاک، تاکو بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگە .(Abbott et al., 2005: 146) ئەم تیۆروانینەی پارسونز وەک ڕابەری قوتابخانەی کردارگەرایی لەوانەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی هەموو ڕۆڵەکان دەبینێت، بەتایبەتی بە مەبەستی پەروەردەکردنی منداڵ، بۆیە کاتێک کە خێزان کێشەیەکی هەیە، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە لەسەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت. بە واتایەکی تر، لە داهاتوودا منداڵ ناتوانێت وەک پێویست داواکارییەکانی کۆمەڵگە جێبەجێ بکات.

هەروەک خەلیلیش ئاماژە بە ڕۆڵی خێزان دەکات، ئەو پێیوایە خێزان یەکێکە لە دامەزراوە سەرەکییەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون کە دەورێکی گرنگی لە دیاریکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی کەسایەتی و پێگە بۆ ئەندامانی هەیە، تاکو بتوانن بەهۆی ئەم کەسایەتییەی لە ناو خێزان بۆی دیاریکراوە، لە ناو کۆمەڵگەدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. لەسەر ئەم بنەمایە سەرکەوتن و تێکشکاندنی تاکەکان لە ژیاندا هەر لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە لە خێزان بۆی دیاریکراوە. (خەلیل ٢٠٠٧: ٥-٦) بە هەمان شێوەی خەلیل، وەردیش پێیوایە کە ئەو ژینگەیەی منداڵ تێیدا گەشەدەکات کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە. ئەو وادەبینێت ئەو بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە تاک هەیەتی لە منداڵییەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر داهاتوویان، ئەوا ئەم کاریگەرییانەی قۆناغی منداڵی وا دەکەن کاتێک تاک گەورەش دەبێت نیشانەکانی هەر بمێنن. هەروەها وەردی پێیوایە کاتێک تاکێک بە چەند سیفەتێکی نەشیاو لە ناو کۆمەڵگەدا دەبینرێت، ناکرێت خودی خۆی سەرزەنشت بکرێت، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی ئەو بارودۆخ و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەیە کە منداڵ تیایدا گەشەی کردووە و وەریگرتووە. وەردی پێیوایە ئەگەر هەر تاکێک لەو بارودۆخەدا بوایە کە ئەو کەسە تێیدا بووە، ئەوا ئەگەری زۆری هەبوو ئەو سیفەتانەی تێدا ببیندرایە (وەردی ٢٠١٥: ٢٠٢).

هەندێک جار منداڵ لە نێو خێزانێکی ناسەقامگیر و پڕ ئاژاوە ژیان دەکات، ئەوا هەوڵ دەدات هاوڕێ یاخود شوێنێکی ئارامتر و پارێزراوتر لە دەرەوەی خێزان و دوور لە ئەندامانی خێزان هەڵبژێرێت، بۆ نموونە ناسینی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێی نوێ و تاڕادەیەک نەناسراو، دەکرێت ئەم کەشە نوێیە لە دەرەوەی خێزان، ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بەلاڕێداچوون، توندوتیژی، تاوانی پڕ مەترسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگەدا لەلایەن ئەو منداڵەوە (ڕەوانگەرد، ٢٠١٧). دەتوانرێت بگوترێت ئەم تێڕوانینانە پاڵپشتی ئەو بیرۆکانە دەکەن کە پێیانوایە جۆری

بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتی تـاک ڕەنگدانـەوەی ئـەو ژینگـە و بارودۆخـە دەروونی و کۆمەڵایەتییەیە کە تاک تیایدا پەروەردە کراوە.

کوولییش پێیوایە کە سروشتی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی تـاک بـەهۆی پێکگەیشـتن و ئەو پەیوەندییـە بەردەوامـەی لەگـەڵ کەسـانی دەوروبـەری بەتایبـەتی ئەنـدامانی خێـزان دروسـت دەبێـت، کـە منـداڵ لـە میانـەی ئـەو پەیوەندییـەی لەگـەڵ خێزانـدا هەیـەتی هەسـت بـە بـوونی کەسـایەتی و دەروونی خۆی دەکات. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو گرنگییەی، کە لە ناو خێزانـدا بـە ڕەفتـاری منـداڵ دەدرێـت، بەتایبـەتی لەلایەن دایـک و بـاوک (کـوولی ئامـاژە پێـدراوە لـە موحسـنی ٢٠٠٢: ١٤١). بـە هـەمان شـێوەی کـوولی، کاتێـک مید ئامـاژە بـە دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـەکان دەکـات، ئـەو ئاماژە بە ڕۆڵی خێزان دەکات کە لە ناو کۆمەڵگەدا تـاک بـەهۆی خێـزان لـە تـاک بـوونی خـۆی تێـدەگات. مید کاتێـک بـاس لـە قۆناغـەکانی پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ لە ناو خێزاندا دەکات، ئاماژە بەوە دەکـات دایـک و بـاوک ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕن لـە پێدانی کەسـایەتییەکی سـەقامگیر بـە منـداڵ. ئـەو پێیوایـە قۆنـاغی لـەدایکبوونی منـداڵ پێـی دەگوترێـت قۆنـاغی لاسایکردنەوە یاخود قۆناغی "یاری منداڵان" واتە منداڵ هـەر لەسـەرەتاوە هـەوڵ دەدات ڕۆڵـی گـەورەکان ببینـی و لاسـاییانبکاتەوە، کـە بـەرە بـەرە لەگەڵ ئەو ڕەفتار و ڕۆڵانە ئاشنا دەبێت، کە ئەندامانی خێـزان بـە تایبـەتی دایـک و بـاوک دەیگێـڕن. بـۆ نموونـە منـداڵی کـچ وەکـو دایکـی بایـەخ بـە کاروبـاری ماڵـەوە دەدات و منـداڵی کـوڕ گرنگـی بـە یـاری پیاوانـە دەدات، وەکو یاری شوفێری. ئەمە لە سـەرەتادا دەبێتە بناغەیەک بۆ دروسـتبوونی ڕۆڵ و کەسایەتی تاک لە ناو خێزانـدا ( Mead cited in Holmes, 2007: 41-42). لــەم تێڕوانینــەدا ڕوون دەبێتــەوە، تــاک خــۆی وێنەیــەک بــۆ کەسایەتی خۆی دروست ناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کەسە نزیکانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات. (خەلیل، ٢٠٠٧: ٨٥)

کەواتە ئەگەر خێزانێک یەکێک لە باوانی بەهۆی لێکجیابونەوە یاخود بە هەر هۆکارێکی تر لە دەستدابێت، ئەوا دەکرێت تا ئەندازەیەک کاریگەریی لەسەر ناسەقامگیری ڕۆڵ و کەسایەتی منداڵ هەبێت، چونکە لاسەنگییەک لە وەرگرتنی کەسایەتیی دایک و باوک لەلایەن منداڵ دروست دەکات، وەک ئەوەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، منداڵ لە ناو خێزاندا هۆگریی بۆ دایک و باوک هەیە، وەک کچ بۆ دایک و کوڕ بۆ باوک، بۆیە لێکهەڵوەشانەوە ئەو جۆرە هۆگرییەی منداڵ بۆ دایک/باوک لاواز دەکات، لەوانەیە لە ڕۆڵەکانی داهاتوویدا جۆرێک لە لاوازی لە منداڵ ببیندرێت. بە هەمان شێوە (ئاجیکەند ٢٠١٢)یش پێیوایە پێشکەوتن و سەقامگیری هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە ئاستی تەندروستیی پەروەردەیی و فێرکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە. واتە ئەگەر خێزانێکی سەقامگیر هەبێت، ئەوا کۆمەڵگەش سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت.

والیر وا دەبینێت ئەو مشتومڕ و نەگونجانەی لە پێش هەڵوەشانەوەی ژیانی خێزانی لەنێوان هاوسەران دروست دەبێت، کاریگەریی لەسەر کەسایەتی منداڵ دروست دەکات. بۆ نموونە کاتێک هاوسەران زیاتر دەیانەوێت لە بەردەم منداڵ خۆیان بەسەر یەکتریدا زاڵ بکەن وەکو بەکارهێنانی وشەی "من" نەک "ئێمە"، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵیش فێری ئەو شێوازە هەڵسوکەوتە بێت کە لە کۆتاییدا بۆ خۆسەپاندن و زاڵکردنی ڕای خۆی بەسەر ئەوانی تر دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی ڕەق و توندوتیژ لە ناو کۆمەڵگەدا. (والیر ئاماژی پێدراوە لە خەلیل، ٢٠٠٧: ٢٢١)

ئەمە لێرەدا ئەوە دەردەخات کە کاتێک لە ناو خێزاندا ئەم جۆرە خۆسەپاندنە هەیە، هەستی هاریکاری و پێکەوە ژیانکردن بەرەو لاوازبوون دەڕوات، کە ئەمەش ڕەنگە کەسایەتییەکی خۆسەپێن لە ناو هەر ئەندامێک لە ئەندامانی خێزان دروست بکات، بە واتایەکی دیکە کاتێک

تاکێک لە خێزاندا دەیەوێت ڕۆڵێک ببینێت، ئەوا تەنها پشت بە بیروڕای خۆی دەبەستێت و بیروڕای ئەوانی تری لا گرنگ نییە، کەچی لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا بابەتی هەماهەنگی و هاوکاری بۆ ئەوەی دروست بێت، بە بەرنامە کاری لەسەر دەکرێت، چونکە ئەمە کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵگە دەبێت.

## بەشی سێیەم

### میتۆدی چۆنایەتی

دەشێت هەموو توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی سەبارەت بە دیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە زیاتر لە میتۆدێک بەکاربهێنرێت. هەروەها Leech and Onwuegbuzie(2005) تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە میتۆدی چۆنایەتی و میتۆدی چەندایەتی خاڵی بەهێز و لاوازیان هەیە، کە دەبێت توێژەر ئەو میتۆدە هەڵبژێرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ توێژینەوەکەی، بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن لە ئەنجامی توێژینەوە. شوانی پێیوایە میتۆدی چۆنایەتی یەکێکە لە باشترین ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەشتن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر لەسەر تێڕوانین و ڕەفتاری تاکەکان، چونکە میتۆدی چۆنایەتی بە شێوەیەکی قووڵ دەچێتە ناو دیاردە و ئەو بابەتەی کە توێژەر توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاسەوار و هۆکارەکانی دیاردەکە و شیکردنەوەی، کە لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئەندامانی توێژینەوەکەدایە (شوانی ٢٠١٥:١٣١).

هەروەک توێژەران لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵ دەدەن بۆ بەکارهێنانی میتۆدی چۆنایەتی بە مەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکانیان، هەروەها هەوڵ دەدەن بۆ باشتر گێڕانەوەی ئەنجامی بەدەستهاتوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا (ئەبراش، ٢٠١٣). بە

واتایەکی تر تایبەتمەندیی میتۆدی چۆنایەتی ئەوەیە، کە کار لەگەڵ وشە دەکات، هەروەها زانیاری بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ئەم میتۆدە زیاتر وەسفین، واتا پشت بە وەسفکردنی دیاردەکان دەبەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە. بە پێچەوانەی میتۆدی چەندایەتی کە کار لەگەڵ ژمارە دەکات (شوانی، ٢٠١٥). لایەنێکی تری ئەنجامدانی توێژینەوە لە ڕێگەی ئەم میتۆدە، توێژینەوە پێویستی بە گریمانە نییە، لەبەر ئەوەی داتاکان بۆ ڕەتکردنەوە یاخود سەلماندنی گریمانە بەکارناهێنرێت، میتۆدی چۆنایەتی زیاتر کار لەگەڵ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەک چاوپێکەوتن، تێبینیکردن، چاوپێکەوتنی گروپ و فۆکۆس گروپ دەکات. هۆکارەکی تری توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە بەکارهێنانی میتۆدی چۆنایەتی ئەوەیە کە دەکرێت توێژەر هەندێک جار پێویستی بە هەموارکردنەوە یاخود گۆڕانکاری لە پرسیارەکان و دیزاینی توێژینەوە لە کاتی ئەنجامدانیدا بکات تاکو بتوانێت بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاری یاخود گەشەپێدانێک کە پێویست بکات بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت کەمترین شوێن پەنجەی لایەنگری لەسەر توێژینەوەکە بەجێبهێڵێت، کە میتۆدی چۆنایەتی تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێگە بەم پرۆسەیە لە توێژینەوە دەدات و دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە. ( Jackson et al., 2007; Bryman, 2012)

**کۆمەڵگەی توێژینەوە و جۆری نموونەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژەر بە گوێرەی بابەتی توێژینەوەکەی دیاری دەکات کە دەتوانرێت گروپێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وەربگرێت و ئەندامەکانی توێژینەوەکەی بەسەردا بگشتێنرێت، چونکە کارێکی ئەستەمە بە مەبەستی داتا کوکردنەوە، تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوە وەربگیرێت بەتایبەتی ئەگەر هاتوو کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان

پێکهاتبێت و چوارچێوەی جوگرافی فراوان بێت، بۆیە دەکرێت بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەربگیرێت وەکو نموونەی توێژینەوە، بە واتایەکی تر نموونەی وەرگیراو توانای نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەی هەبێت (بۆکانی،٢٠١٦: ١٢٤).

ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی خۆبەخش بەشدارییان لەم توێژینەوەیە کردووە، بریتیبوون لە ٦ کەس، ٣ لە بەشداربووان پیاو و ٣ ژن بوون، کە شاری سۆران لە هەرێمی کوردستان کۆمەلگەی توێژینەوەکە بووە. بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە پێشینەی جیاوازیان هەبووە، وەکو ئاستی خوێندەواری، ئابووری و تەمەن، کە جۆری نموونە وەرگرتنی بەکارهاتوو بریتییە لە نموونە وەرگرتنی مەبەستدار. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە نموونە وەرگرتنی مەبەستدارە لە میتۆدی چۆنایەتیدا، ئەوەیە کە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت بە مەبەست ئەو کەسانە هەڵبژێرێت، کە پێیوایە زانیاری پێویست و باشیان هەیە سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە. بە واتایەکی دیکە نموونەی مەبەستدار، کە یەکێکە لە نموونە نائەگەرییەکان و بە شێوەیەکی مەبەستدارانە لەلایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێت. لێرەدا نموونەکانی توێژینەوە لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵنابژێردرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی مەبەستدارانە هەڵدەبژێردرێن، بەو ئامانجەی کەسەکان لەلایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێن کە کێ زۆرترین زانیاری دەدات بە بابەتی توێژینەوە (عومەر،٢٠١٢ :٢٧٨-٢٧٩).

## کوکردنەوەی داتا

### چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو

یەکێک لە باشترین و کاریگەرترین ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوەی میتۆدی چۆنایەتی بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانین و بیروڕای لێتوێژراوان، بریتییە لە چاوپێکەوتن، هەندێک لە توێژەران پێیانوایە کە بیروڕای تاکەکان دەتوانرێت، بەدەستبهێندرێت لە گفتوگوکانیان و جوولەیان لە کاتی چاوپێکەوتندا (Bryman, 2012: 469). هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی پرسیاری کراوە لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراودا، بیروڕای لێتوێژراوان هەڵسەنگێنراوە و شیکراوەتەوە. بەو واتایەی سەرەتا توێژەر هەندێک پرسیاری دیاریکراو دەستنیشان دەکات و ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکەی دەکات, لێرەدا توێژەر جۆرێک لە ئازادی سنووورداری دەبێت کە پرسیاری تریش بخاتەڕوو، هەروەها ڕوونکردنەوە لە سەر پرسیارەکان بداتە نموونەی توێژینەوە، بەو شێوەیەی کە بە باش و گونجاوی دەزانێت، بەڵام بەو مەرجەی کە دەبێت پرسیارەکان لە چوارچێوەی بابەتەکەدا بن و وابەستەی بنەڕەتییانەی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەی هەبێت. (عومەر،٢٠١١:٢٧٢) هەر یەک لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ لێتوێژراوانی ئەم توێژینەوەیە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ خولەکی خایاندووە.

تۆێژەر هەوڵیداوە لە سەرەتادا ئەو کەسانە دیاری بکات، کە وەک نموونەی توێژینەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت و هەوڵدراوە سەرەتا ڕەزامەندییان لێوەربگیرێت، ئینجا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، لە لەلایەکی دیکەوە پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕیزبەند ڕیزکراون و بەشێوەیەکی هێمنانە ئاڕاستەی نموونەی توێژینەوە کراون، لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری دەروونی لێتوێژراوان و ڕەخساندنی کەشێکی گفتوگۆ ئامێز، لە هەر شوێنێک ناڕوونییەک لە پرسیارەکان هەبووبێت، ئەوا بە

دەربڕینێکـــــی ســـــادە ڕوونکـــــراوەتەوە، ســــەبارەت بە شـــــوێنی چاوپێکەوتنەکـانیش، واتە ئەو شـوێنەی چـاوپێکەوتنی تیـا ئەنجامـدراوە، زیاتر هەوڵدراوە کام شوێن نزیکە بۆ لێتوێژراوان و لەسـەر ڕەزامەندی ئـەوان، لەوێ چـاوپێکەوتنەکە ئەنجامـدراوە. دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی لەلایەن بــەژداربووانی توێژینــەوە، دواتــر چاوپێکەوتنەکــە لــە ڕێگــەی تۆمـارکردنی وەڵامــەکانی نموونــەی توێژینــەوە و دوای بــە کۆتاییهـاتنی چاوپێکەوتنەکان هەموو وەڵامەکان گواسترانەتەوە بۆ سـەر لاپـەڕە. دواتر تـوێژەر بـەپێی جـۆری وەڵامـەکان شـیکردنەوەی بـۆ بەشـێک لـە وەڵامـی بەشداربووان کردووە.

## لایەنی ئاکاری

تـوێژەر لـەم توێژینەوەیـەدا کۆمـەڵێک ڕێکـاری ئـەخلاقی بـە ئـەنجام گەیانـدووە، لەبەرئـەوەی پرەنسـیپی ئاکـاری و ئەخلاقـی لەخۆدەگرێت، کە گرنگ و پێویستە توێژەران لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە درکی پێ بکەن و هەروەها جێبەجی بکەن. ئەو لایەنە ئاکارییانـەش بریتین لەو چوارچێوە و بنەما ئەخلاقییانەی کە دەبێت توێژەران هەڵگریـان بێت بەتـایبەت کاتێک تاک خۆی دەبێتە بابەتی لێکوڵینـەوە و بـە بیـانووی ئەنجامدانی تـوێژینەوە دەســت لە ژیــانی تــایبەتی وەردەدرێــت، دواتــر لە ئاکــامی هەمــان ئەو زانیارییانەدا تووشی زیانی ماددی، جەسـتەیی و دەروونـی دەبێتەوە، یان دەست بۆ هەنـدێک لە کـار و بەرهەمە فکرییەکـانی دەبردرێت و سـوود لە ڕاوبۆچوونی سەرچاوە مەعریفییەکانی وەردەگرێت. نابێت ئاماژە بە ناو و پێگەی زانسـتی یـاخود زانیارییـە کەسـییەکانی بکرێت، بـە تایبـەتی دەبێت ڕێزگرتن لەو گروپ و تاکانەی لە بارودۆخێکی هەسـتیار و لاواز دان. لـەم بارودۆخــەدا لایــەنی ئاکــاری بــە دڵنیاییــەوە لــە کــاتی توێژینــەوەدا بــە دەردەکەون، کە پێویستە بە شێوەیەکی هەسـتیار مامەڵـەی لەگەڵدا بکرێت. هــەروەها تــوێژەر دەبێــت دڵنیــایی پاراســتنی زانیارییــە هەســتیارەکانی نمـوونەی تـوێژینەوەکەی دەسـتەبەر بکـات و ببێتـە جـێگەی متمـانەی ئەو

کەسانەی کە زانیارییان لێ وەردەگرێت و زانیارییەکانیان بپارێزێت. بۆ نموونە: ناو و پێگەی کۆمەڵایەتی لێتوێژراوان، کە دەبێت ئەمانە هەمووی لەلایەن تـــوێژەرەوە پارێزراوبێـــت و بــــە نهێنــــی بمێنێتــــەوە، لەگەڵ ڕوونکــــردنەوەی ئەوەی کە ئەو زانیارییـــانەی وەردەگیــــرێن تــــەنها لە چوارچێــوەی کــــاری زانســــتیدا بەکـــاردەهێنرێن بــۆ خزمەتکــــردن بە توێژینەوەکە.

خــاڵێکی گرنگتــریش ئەوەیە، کە تــوێژەر دەبێــت خــۆی دابماڵێــت لە هەمــوو لایــەنگیریکردنێک، کــە بــاوەڕی بە زانســت هەبێــت و لە پێنــاو خزمەتکردن بە زانست و کۆمەڵگە بێلایەنی خۆی بپارێزێت (شوانی،٢٠١٥: ١٤٦-١٥٥). تـوێژەر هەوڵیداوە ڕەچاوی ئەو خـاڵانەی سـەرەوە بکات، کە پەیوەندیــدارە بە لێتــوێژراوانی تــوێژینەوە، واتە ئەو کەســانەی بــوونەتە لێتـوێژراوی ئـەم توێژینەوەیـە، ئەوا سـەرەتا ڕەزامەنـدییان لێوەرگیراوە و بۆیان ڕوونکراوەتەوە ئەو زانیارییانەی کە لێیان وەردەگیرێت، بەمەبەستی کاری زانستی بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ متمـانە و دڵنیاییدان پێیـان، کە نـاو و زانیارییە تایبەتییەکانیان نهێنی و پارێزراو دەبن. هـەروەها نـاوی خـوازراو بــەکاردەهێنرێت لــە جێگــای نــاوی ڕاســتەقینەیان، ئینجـا زانیارییــان لــێ وەرگیــراوە. جگــە لەم خــاڵانەش، بەهــۆی گرنگــی تــوێژینەوەکە تــوێژەر بەشێوەیەکی بابەتی و هەستکردن بە بەرپرسیاری مامەڵەی کردووە.

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان

ئامـانجی ئـەم بەشـە ئەوەیـە ئـەو ئەنجامانـەی کە لـەم توێژینەوەیـەدا بەدەستهاتوون، بخرێنە ڕوو و گفتوگۆیـان لەسـەر بکرێت. واتـە پێشـاندانی ئەو ئەنجامانەی لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەدەستهاتوون، هەروەها لەگـەڵ ئـەو لێتوێژراوانـەی کـە بـە شـێوەیەکی خۆبـەخش بەشـدارییان لـەم توێژینەوەیــەدا کــردووە. ئەنجامــەکان لــە دوو تــەوەرە دەخرێنــەڕوو و

گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. تەوەرەی یەکەم بریتییە لە هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ، کە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پەروەردە، هەڵسوکەوت و سۆزی منداڵان. تەوەرەی دووەم پێکدێت لە هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا.

## تەوەرەی یەکەم

### هەڵوەشانەوەی خێزان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ

هەر وەک لەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێکراوە ئەو هاوسەرانەی کە پەیوەندییەکی باشیان لە ژیانی هاوسەرایەتییاندا نییە، هەروەها توندوتیژی و گفتوگۆی نەشیاو لەگەڵ یەکتر بەکاردەهێنن، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان، کە ئەمەش تەنها کاریگەری لەسەر خۆیان بەجێناهێڵێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر پەروەدەی منداڵیش هەیە. هەروەک لە تێڕوانینی پێکهاتەی کردارگەراییدا خراوەتەڕوو، کە خێزان بە بنەمای بونیادنەری تاکێکی سەقامگیر لەناو کۆمەڵگەدا دادەنرێت، ئەویش بەهۆی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاک لە ناو خێزاندا بە کولتوور، و دابونەریتی کۆمەڵایەتی (Abbott et al., 2005: 146). هەروەها خەلیلیش پێیوایە کە ئەو منداڵەی لە خێزانێکی لێکهەڵوەشاوە پەروەردە بووە، بەتایبەتی لەلایەن یەکێک لە باوانی ئەوا پەروەردەیەکی سەقامگیریان نییە و دەبێتە هۆی بڕوانەبوون بەخۆی و بێبەشبوون لە سۆز و خۆشەویستی دایک و باوکی (خەلیل ٢٠٠٧: ٢٣٥). بۆ زانینی ئەم کاریگەرییە لەسەر منداڵ، پرسیاری هەڵوەشانەوەی خێزان چۆن کاریگەری دەکاتە سەر پەروەردەی منداڵ؟ لە نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە کراوە، ئەوا وەڵامی بەدەستهاتوو لەلایەن لێتوێژراوان ئەوە بووە، کە ئەو منداڵانەی لەلایەن دایک و باوکەوە بالانس لە پەروەردەکردنیان نەبووە، ئەوا لەسەر ئەم بنەمایە سەرکەوتن و

تێکشـکاندنی تاکـەکان لـە ژیانـدا هـەر لەسـەر ئـەو پـەروەردەیەی خێـزان دەوەستێت کە بۆیان دیاری کردووە. بۆ نموونـە، بەشداربووی یەکەم و دووەم پێیانوایـە "***کاتێـک لێکجیابوونـەوەی هاوسـەران ڕوودەدات، لـەم بارودۆخـە منـداڵ دەبێتـە قوربانی ئـەم پرۆسـەیە و کاریگـەریی نـەرێنیی زۆری لـە سـەر پەروەردەکردنـی منـداڵەکان دەبێـت، بەتایبـەتی دوای لێکجیابوونەوەی دایک و باوکیان، چونکە منداڵەکان بەهۆی ئەو کێشانەی باوانیـان هەیانـە بـە پرۆسـەی پـەروەردەکردن و بەکۆمەڵایـەتیبوون تێدەپـەڕن کـە لەوانەیـە بـە هـەمان شـێوەی باوانیـان کەسـایەتییەکی ناتەندروست و تونـدوتیژیان هـەبێت. کاتێـک دەبیـنن کەسـانی نزیکیـان ڕاوبیـری جیاوازیـان هەیـە، ئـەوا بـە تونـدوتیژی وەکـو دایـک و بـاوکی بـەرپەچی ئـەو ڕایانـە دەدەنـەوە. نموونـەی دووەم خـۆی وەکـو نموونـە دەخاتەڕوو، دەتوانم بڵێم من خۆم یەکێکم لە قوربانیانی دەستی خێزانـی لێکهەڵوەشـاوە بـەهۆی ئـەو کێشـانەی دایـک و بـاوکم لەگـەڵ یـەکتریان هـەبووە مـن بـەو شـێوەیە پـەروەردەکراوم کـە منـیش بوومەتـە خـاوەن کەسـایەتییەکی تـووڕە و هـەڵچوو لەگـەڵ هاوڕێکـانم هەنـدێ جـار لـە هەڵسوکەوتەکانم لەگـەڵیان دووچـاری تـووڕە بـوون دەبـم و دووچـاری کێشـەش دەبمـەوە، مـن ئەمـە بـۆ پـەروەردەی ناتـەواوی دایـک و بـاوکم دەگەڕێنمەوە پێش لێکجیابوونەوەیان, کە هەردەم ناکۆکیان هەبووە لەگەڵ یەکتر***"

کەواتــە بــەپێ وەڵامــی ئــەم لێتوێژراوانــە بێــت، ئــەوا هــەرجۆرە نەگونجانێک لەنێوان هاوسەران و لە کۆتاییدا لێکجیابونـەوەیان لـە یـەکتر کاریگـەریی لەسـەر پەروەردەیـەکی تـەواو و دروسـتی منـداڵان دەبێـت. ئەمەش ئەوەمان پێشاندەدات کە لە کۆمەڵگە نەریتییەکان ئەرکی سـەرەکی بـەخێوکردن و پـەروەردەکردنی منـداڵان لـە ئەسـتۆی خێزاندایـە، کاتێـک خێـزان تووشـی هـەر شـڵەژانێک دەبێـت کاریگـەریی لەسـەر پـەروەردەی منداڵ دروست دەکات.

لـه لایـەکی تـر وەردی (٢٠١٥) پێیوایـە ئـەو ژینگەیـەی منـداڵ تێیـدا پـەروەردە و گەشـە دەکـات کاریگـەریی لەسـەری هەیـە، ئـەو بارودۆخـە کۆمەڵایەتییانەی تاکەکەس لـە منداڵییەوە گاریگەریی لەسـەری هەیە و لـە ژیانی داهاتوویدا هەر دەمێنێت. ئەوا ئەو کاریگەرییانەی سـەردەمی منداڵی وادەکـەن کاتێک دەگەنـە تەمـەنی پێگەیشـتوویی نیشـانەکانی بەدەربکـەون. هــەروەها لــە لایــەکی تــر موحســنی پێیوایــە کــە منــداڵ لــە ســەرەتای لەدایکبوونیەوە لەناو خێزاندا لەلایەن دایک و باوکەوە پەروەردە دەکرێت، کاتێـک خێـزان هەڵوەشـایەوە لەلایەن باوانیـەوە بەتایبـەتی لـە قۆنـاغی سەرەتایی ژیانیدا، ئەوا لەوانەیە منداڵ ببێتە خاون پێگەیەکی ناسەقامگیر و هـەروەها ڕەفتـاری بـاوانی وەربگرێـت (٢٠٠٢). بـۆ نموونـە وەڵامـدەری سـێیەم و چـوارەم دوو لـە بەشـداربووانی تـری ئـەم توێژینەوەیـەن کـە پرســیاری هەڵوەشــانەوەی خێــزان چ جــۆرە کاریگەرییــەک لەســەر پـەروەردەی منـداڵ هەیـە، دەڵێن"***هەنـدێ لـەو کەسـانەی کـە لـە خێزانێک پەروەردە بوون کە ئاژاوە و تووندوتیژی لە نێوان دایک و باوکان لە پێش لێکجیابوونـەوە هـەبووە، ڕەنگـە ئـەو منداڵـە کـە گـەورە دەبێت لـە دۆخـی ژیانی خێزانی دووچاری چەندین کاریگەریی نەرێنی لە ژیانی داهـاتووی ببێتەوە، کە دەکرێت بە هەمان شێوەی باوانی بێت، بەشداربووی سێیەم دەڵێت؛ دەتـوانم خـۆم بـە یـەکێک لـەو قوربانییانـە بژمێرم کـە دووچاری هەمان لێکجیابوونەوە لەگەڵ هاوسەرم بوومـەتەوە کـە بـاوانم دووچاری بوون، چونکە هەردەم من دەروونێکی هەڵچوو و تووڕەم هەبووە لەگەڵ هاوسەری پێشووم کە لە کۆتاییدا بڕیاری لێکجیابوونـەوەم دا بـە هـەمان شێوەی باوکم، ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، کاتێک دەمدیت باوکم بڕیاری تاک لایەنەی دەدا و کەسایەتییەکی تووڕەی هەبوو لەگەڵ دایکم، ئەوا منیش کەسایەتیی وەکو ئـەوم وەرگـرت لـە ژیانی خۆمـدا کـە بوومـە کەسـێکی تـاکڕەو. مـن ئەمـە بـۆ پـەروەردەی سـەردەمی منـداڵیم دەگەڕێنمەوە لە ناو خێزانمدا***".

لـــەم تیــڕوانین و وەڵامانـــەی ســـەرەوە کـــە لێتـــوێژراوان لەســـەر هەڵوەشـانەوەی خێـزان و کاریگـەریی لەسـەر پـەروەردەی منـداڵ هـەیان بــووە، پێیانوایـــە جگـــە لـــە هاوســـەران، منـــداڵ بـــە قوربـــانی یەکـــەمی هەڵوەشانەوەی خێزان دادەنرێت، چونکە منداڵ پێویستی بە پەروەردەیەکی هاوسەنگ لەناو خێزانێکی ئارام و بێ کێشە هەیە. بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ژینگەیەی کە منداڵ تێیدا پەروەردە دەبێت و گەشە دەکات کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی منداڵەکە دەبێت.

دەرئەنجامی زانیاریی بەدەستهاتوو لەم بەشـەدا وا پیشـان دەدات، کە بڕیاری لێکجیابوونەوەی هاوسـەران لـە یەکتری تـەنها کاریگـەریی نـەرێنی لەسەر ژیانی دایک و باوک دروست ناکات، بەڵکو کاریگەرییـەکی تـەواو لەســـەر پـــەروەردە و ژیـــانی منـــداڵ دەبێـــت. لێـــرەدا دەکرێـــت ئەمـــە ڕوون ببێتــەوە، کــە منــداڵ لــە کــۆمەڵگەی کوردیــدا بــە لێکجیابوونــەوەی بــاوان پەرێشان دەبێت، چونکە ئەمە پەیوەندیدارە بە ژینگەی پەروەردەکردن لە هــەرێمی کوردســتاندا. بــە واتایــەکی تــر لــە کــۆمەڵگەی کوردیــدا کــەناڵی یەکەمی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ بریتییە لە خێزان کە هەر لەوێوە منداڵ کەسایەتیی خۆی دروستدەکات.

دەتوانرێت ئەوە بگوترێت زۆربەی ئەنجامـەکانی ئـەم توێژینەوەیـە کـە وەڵامی وەڵامدەرەوەکان پەیوەنـدیی بـە کاریگـەری هەڵوەشـانەوەی خێـزان لەسـەر پەروەردەی منداڵ هەبووە هاوشێوەی سـەرچاوەکانی پێشـوو بـووە لـەم توێژینەوەیـەدا، هـەروەک هەنـدێک بیـروڕا خراونەتـەڕوو کـە پێیانوایـە هەڵوەشـــانەوەی خێـــزان دەبێتـــە هـــۆی ئەوەی منـــداڵێکی خـــاوەن پەروەردەیەکی ناتەندروست و کەسایەتییەکی لـەرزۆک و بڕوابەخۆنـەبوو پێبگەیەنێت.

## تەوەرەی دووەم

### هەڵوەشانەوەی خێزان و ناجێگیریی کەسایەتیی منداڵ

جگە لەو خاڵانەی لە سەرەوە باسکران، وەکو هەبوونی کاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵان لەلایەنی دەروونی، ئەوا دەتوانرێت ئاماژە بە هەندێک کاریگەریی تر لەسەر ناجێگیری کەسایەتیی منداڵ بدرێت کە بە هۆی لێکجیابوونەوەی هاوسەران ڕوودەدات. بۆ نموونە لە بەشی پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوودا ئاماژە بە بیروڕای پارسونز کراوە، ناوبراو کە بە یەکێک لە کەسە گرنگەکانی تیۆروانینی پێکهاتەی کردارگەرا دادەنرێت، ئەو پێیوایە خێزان بە ناوەندێکی گرنگ بۆ سەقامگیریی کەسایەتیی تاک و کۆمەڵگە دادەنرێت ( Abbott et al., 2005: 146). بەپێ ئەم تێڕوانینە بێت، هەڵوەشانەوەی خێزان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لەناو کۆمەڵگەدا بە گشتی و بە تایبەتی بۆ کەسایەتیی تاک. ئەگەر بپرسین چ جۆرە کاریگەرییەک بەهۆی لێکجیابوونەوەی هاوسەران لەسەر پەروەردە و کەسایەتیی منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا بەجێدەمێنێت؟ ئەوا بەشداربووی شەشەم وەڵامەکەی بەم شێوەیە: "***خێزان ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردن و بونیادنانی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا من وا دەبینم کە لێکجیابوونەوەی دایکان و باوکان بە هۆی نەگونجانیان کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی بەجێدەهێڵێت وەکو پەروەردەیەکی ناتەندروست، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بونیادنانی پێگە و کەسایەتییەکی لاواز بۆ منداڵان لە ناو کۆمەڵگەدا***". لە ئەنجامی وەڵامی ئەم لێتوێژراوە بێت ئەوا دایک و باوک لەناو خێزاندا لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گاریگەر دەگێڕن لەسەر پێگەیاندنی کەسایەتیی منداڵ، کە کەسایەتییەکی بەهێز یاخود لاوازی هەبێت.

کوولی پێیوایە دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگ لە پێگەیاندنی کەسایەتییەکی تەندروست و سەقامگیر بۆ منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا دەگێڕن،

چونکە منداڵ هەوڵدەدات هەر لە سەرەتای ژیانیەوە باوانی وەکو نموونەیەک بۆ پێگە و کەسایەتیی ژیانی هەڵبژێرێت. دەتوانرێت ئەمە بگوترێت، کە خێزانێکی سەقامگیر و دوور لە نەگونجان و توندوتیژی، یەکتر قەبووڵکردن و پێدانی مافی یەکسان بە یەکتری لەلایەن هاوسەران، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵی ئەم جۆرە خێزانە ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز، سەقامگیر و بڕوابەخۆبوو. بۆیە پرسیاری ئەوە لە حەسەن کراوە، بەکارهێنانی توندوتیژی و بڕیاری تاک لایەنە لەلایەن باوک بەرانبەر بە دایک چ کاریگەرییەکی لەسەر داهاتووی منداڵ دەبێت؟ بەشداربووی پێنجەم دەڵێت "***من پێموایە کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەیە، بۆ نموونە من هەندێ جار هەست دەکەم کە کەسێکی دڵڕەق و بێ هەست و سۆزم، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم هەڵسوکەوت دەکەم، بە تایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەرم، ئەمەش دەتوانم بۆ ئەوە بگەڕێنمەوە کاتێک منداڵ بووم باوکم هەڵسوکەوتی توونـدوتیژی لەگەڵ دایکم بەکاردەهێنا لە بەردەم من، کە ئێستا ئەو توندوتیژی و دڵ ڕەقی باوکم لە سەردەمی منداڵی بە سەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی من ڕەنگیداوەتەوە***". لەم وەڵامانەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگ و تەواوکەرانەیان لە پێگەیاندنی بونیادی کەسایەتیی منداڵەکانیان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە. لێردا ئەمە ڕوون دەبێتەوە کە خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری لە شێوەدان و دروستکردنی تاکێکی بەهێز لەلایەنی پێگە و کەسایەتی، هەروەها لە سەقامگیری کۆمەڵگەشدا هەیە.

مید ئاماژە بە ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەو پێیوایە کە ڕۆلی گرنگی هەیە لە پێدانی کەسایەتی یاخود ناسنامە بە منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، کاتێک مید ئاماژە بە قۆناغەکانی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ دەکات، ئەوا ڕۆڵی دایک و باوک بەرز دەنرخێنێت, چونکە ئەو پێیوایە کە منداڵ هەوڵ دەدات هەر لە

سەرەتاوە ڕۆڵی گەورەکان  بگێڕێت و لەگەڵ ئەو ڕەفتار و ڕۆڵانە ئاشنا دەبێت کە ئەندامانی خێزان بەتایبەتی باوک و دایک دەیگێڕن. بۆیە لە وەڵامی بەرپرسیاری گرتنە ئەستۆی بەخێوکردنی منداڵ بە تەنیا لەلایەن دایک دوای لێکجیابونەوە چ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی منداڵ هەیە؟ کە ئەم پرسیارە ئاراستەی بەشداربووی چوارەم کراوە ئەو پێیوایە کە "***هەڵوەشانەوەی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن یەکێک لە باوانی کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەیە. من دەتوانم خۆم وەکو نموونە باس بکەم کە دایکم دوای جیابوونەوەی لە باوکم ئەرکی پەروەردەکردنی منی لە ئەستو گرت، ئەوا جگە لەوەی کە دایکم وا منی تێدەگەیاند، کە دەبێت بە وریاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ پیاوان بکەم، ئەوا من وا تێگەشتبووم کە پیاو کەسێکی بێ هەست و سۆز و دڵ ڕەقە و خۆم لێ بەدوور دەگرت. ئەمەش دەتوانم بگەڕێنمەوە بۆ پەروەردەکردنێکی دایکانەی دوور لە پەروەردەی باوکایەتی، لەلایەن دایکێکی شکەست خواردوو لەلایەنی پەیوەندیی هاوسەرییەتی، کە بووە هۆی ئەوەی کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی منیش داناوە و ناتوانم بە ئاسانی ببمە هاوڕێی پیاو و هەتا داوای یارمەتی لە پیاویش بکەم بە ئاسانی***". هەر ئەو بەشداربووە دەڵێت: "***بە تێڕوانینی من هەرچەند منداڵان بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دووچاری نەهامەتیی زۆر دەبنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کچان پشکی شێریان بەردەکەوێت بە بەراورد بە کوڕان بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا***". لێرەدا ڕۆڵی باوان لە پێگەیاندنی منداڵان ڕوون دەبێتەوە کە گاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵان بەجێدەمێنێت دوای لێکجیابوونەوەی باوانیان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو هەرێمی

کوردستان کە ئەرکی سەرەکیی پێگەیاندنی کەسایەتیی تاک دەکەوێتە سەر شانی خێزان بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی ژیانیان.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕای وەڵامدەرەوەکانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی هاوشێوەی ئەو ڕایانەن کە خراونەتەڕوو. واتا هەر ناسەقامگیری و گوڕانکارییەک لەنێو خێزاندا ڕووبدات، هەمان ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەسایەتیی منداڵ و کۆمەڵگە دەبێت. دەکرێت ئەمە بگوترێت لێکجیابوونەوە لەو کۆمەڵگانەی نەریتین لە بەڕێوەبردن و پێگەیاندنی تاک، کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆری هەڵوەشانەوەی خێزان لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و تاک بە تایبەتی بەجێدەهێڵێت. لەم سۆنگەیەوە خێزان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێگەیاندنی تاکێکی سەقامگیر. دەکرێت بگوترێت تاکو ئێستاش خێزان وەکو دامەزراوەیەکی نافەرمی بە بەراورد بە دامودەزگا فەرمییەکانی تر، دەورێکی کاریگەر لەم بوارەدا دەگێڕێت لە بەکۆمەڵایەتیکردنی تاک لە هەرێمی کوردستاندا.

## بەشی پێنجەم

### دەرەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامی بەدەستهاتوو لە ڕێگەی ٦ کەس وەکو لێتوێژراو بووە، کە بە شێوەیەکی خۆبەخش چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراویان لەگەڵ ئەنجامدراوە، ئەویش بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک، بۆ نموونە هەڵوەشانەوەی خێزان چ کاریگەرییەکی لەسەر پەروەردەی منداڵ دەبێت؟ ئەنجامی بەدەستهاتوو بریتییە لەوەی لێتوێژراوان بڕوایان وایە کە هەڵوەشانەوەی خێزان لەلایەن دایک و باوک تەنیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر خودی خۆیان نابێت، بەڵکو کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردە و پێگەی منداڵیش لە ژیانی داهاتوویان لەناو

کۆمەڵگەدا بەجێدەهێڵێت. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت: ئەم دەرەنجامانە یەکانگیرن لەگەڵ سەرچاوەکانی پێشوو لەم توێژینەوەیەدا.

هەروەها ئەنجامی بەدەستهاتوو لە وەڵامی وەڵامدەرەوانی ئەم توێژینەوەیەدا وا پیشاندەدەن، لێکجیابوونەوەی هاوسەران کاریگەریی لەسەر کەسایەتی و پێگەی تاک لەناو کۆمەڵگەدا هەیە؟ هەروەک لە وەڵامی وەڵامدەرەوانی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە پرسیاری کاریگەریی لێکجابوونەوەی هاوسەران لەسەر کەسایەتیی منداڵ، ئەوە دەردەخات کە هەمان ڕایان سەبارەت بە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر سەقامگیریی کەسایەتی و پێگەی منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، بۆ نموونە لە بڕیارداندا دەکرێت کەسێکی لەرزۆک و بڕوابەخۆنەبوو بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا وەڵامی هەندێک لێتوێژراو ئەوەیە، ئەم کاریگەرییە نەرێنییە زیاتر لەسەر ڕەگەزی مێ بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە بە پاڵپشتی دابونەریتەکان لە کۆمەڵگەدا هەیە. لە لایەکی ترەوە وەڵامی وەڵامدەرەوان سەبارەت بە بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن یەکێک لە باوان چ کاریگەرییەکی بەسەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت، پێیانوایە سەرپەرشتیکردنی ئەو منداڵەی کە یەکێک لە باوان دەیگرێتە ئەستۆ هەمان کەسایەتیی باوک یاخود دایک بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە، کە ئەمەش بەهۆی نەبوونی بالانس لە پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن باوانەوەیە.

**سەرچاوەکان:**


- ئاجیکەند، عەزیز. (٢٠١٢). *خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەری لەسەر توێژی زیندووی ناو کۆمەڵ*. [ئۆنلاین] *هەڵۆی کوردستان*. بەردەستە لە: http://www.heloykurdistan.com/ku/index.php?option=com_content&view=article&id=595:xasara-komalayatiakan&catid=2:syaset&Itemid=7 [بینینی دواجار ١٥-٥-٢٠١٩].

- ئەبراش، ئیبراهیم. (٢٠١٣). *میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی*. و: ئەبوزێد، دیدار. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.

- بۆکانی، سابیر. (٢٠١٦). *میۆدی توێژینەوەی زانستی*. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

- خەلیل، مەعن. (٢٠٠٧). *کۆمەڵناسی خێزان*. و: جەلال، ئارام. دهۆک: موکریانی.

- ڕەوانگەرد، جەلال. (٢٠١٧)، "تەلاق"وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و کاریگەرییەکانی. [ئۆنلاین] *یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران*. لەبەردەستە لە: http://www.lawan.org/index.php/hizri-w-roshinbiri/558-telaaq [بینینی دواجار ١٤-٥-٢٠١٩].

- سەمعان، عبدولحەلیم. (٢٠٠٧). *سایکۆلۆژی ژیانی هاوسەرێتی*. و: جەمال، سۆزان. چاپخانەی کارۆ.

- شـوانی، محەمـەد. (٢٠١٥). *سـەرەتایەک بـۆ نوسـینی توێژینـەوە لەکۆمەڵناسیدا*. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

- عومـەر، مـەعن. (٢٠١١). *ڕێبارەکـانی توێژینـەوە لـە کۆمەڵناسـیدا*. و: ڕەحمان، زیرەک. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- عومـەر، مەعـەن. (٢٠١٢). *میتۆدەکـانی توێژینـەوە لـە کۆمەڵناسـیدا*. و: شوانی، محەمەد. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

- محسـنی، منـوچهر. (٢٠٠٢). *دەروازەکـانی کۆمـەڵناسـی. و:سـیوەیلی، ڕێبوار و ئەوانی تر*. هەولێر: موکریانی.

- موحەممـەدی، شـەهین. (٢٠١١). تـەڵاق، کارەسـات نیـە، دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـــە. [ئـــونلاین] *ئەمرۆژانـــە*. بەردەســـتە لـــە: http://amrojane.blogspot.com/2011/07/blog-post_9223.html [بینینی دواجار ١٧-٥-٢٠١٩].

- وەردەی، عـەلی. (٢٠١٥). *لێکۆڵینەوەیـەک لـە سروشـتی کـۆمەڵگەی عێراقی*. و: خەلیل، فەیسەڵ. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

- Abbott, P. Wallace, C. Tyler, M. (2005). *An Introduction to Sociology, Feminist Perspectives*. 3rd ed. London and New York: Routledge.

- Bryman, A. (2012) *Social research methods*, Mew York: Oxford university press.

- Holmes, M. (2007). *What is Gender? Sociological Approaches*. London: Sage.

- Jackson, R. Darlene, D. Sakile, C. (2007) ‘What is qualitative research?’, *Qualitative Research Reports in Communication* 8 (1): 21-28.

- Onwuegbuzie, A. Leech, N. (2005). On Becoming a Pragmatic Researcher: The Importance of Combining

Quantitative and Qualitative Research Methodologies. *International Journal of Social Research Methodology*, 8 (5): 375-387.

**ملخص:**

تهدف الدراسة الى معرفة التفكك الآسري وتأثيراته على شخصية الأطفال، يتكون مجتمع الدراسة من مدينة سوران، لتحقيق اهداف الدراسة تم اعتماد المنهج الكيفي ولغرض جمع البيانات تم اعتماد طريقة المقابلة شبه المقننة، أما عينة الدراسة فهي عينة قصدية تتكون من ٦ أفراد(٣ ذكور و٣ اناث) من الذين نشأو في أسر مفككة، حيث الخلافات بين الوالدين قبل الإنفصال والآثار السلبية الناجمة عن إنفصال الوالدين، وقد أظهرت نتائج الدراسة أن انفصال الوالدين لايؤثر سلبا على الوالدين فحسب، بل أنه يؤثر سلبا على أطفالهم من حيث الحالة التعليم والشخصية والمكانة الاجتماعية في المجتمع.

**Abstract**

The aim of this research is to describe the effects of divorce on children. Soran City is the area for collecting data which was used with a semi structured interview. The number of participants was 6 volunteers, divided into 3 males and 3 females that grew up in a divorced family. These participants in the research have been negatively affected by the parents’ divorce. The findings research illustrated that the divorce process has negatively effected the children more than parents.